فوئاد حسێن وهاریس جەخت لەسەر پەیوەستی کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئاڵنگاریەکان لە ناوچەکە دەکەنەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوە، و جێشوا هاریس، هەڵسووڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، جەختیان لەسەر پەیوەستی هەورکردنەوەی دۆخەکە لە ناوچەکە و کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئاڵنگاریەکان کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکدا کە لە وەزارەتی دەرەوە گەیشتە ئاژانسی هەواڵی موتەبع، هاتووە: "فوئاد حسێن، جێگری سەرکەی ئینجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە، پێشوازی لە جێشوا هاریس، هەڵسووڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، کرد."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا پەیوەندیە دوولایەنەکان لەنێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاوتوێ کران، و ڕێگاکانی بەهێزکردنیان بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی هەردوو وڵات بکات، و هاوکاری لە بواری جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری و ئەمنیدا پتەوتر بکات."

بەگوترەی ڕاگەیەندراوەکە، وەزیری دەرەوە ئاماژەی بە "جووڵەی سیاسیی بەردەوام لە عێراق و گفتوگۆ بونیادنەرەکان لەنێوان کوتلە سیاسیەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ" کرد، جەختیشی لەسەر "گرنگیی چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی و بەهێزکردنی لێکتێگەیشتنی نیشتمانی کردەوە کە بە شێوەیەکی ئەرێنی

لەسەر [illegible]وی پەسەی دیموکراسی [illegible]نگ بداتەو."

لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "هەردوو لایەن گ[illegible]انکاریی هەرەمی و نەودەو[illegible]تییەکانیان تاوتوێ کرد، و بیروڕایان سەبارەت بە پرسەکانی جێی بایەخی هاوبەش ئاوگ[illegible] کرد، جەختیان لەسەر گرنگیی هەماهەنگی و هاوئزکردن سەبارەت بە ئاڵنگاریەکانی ئێستا کردەو."

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، هەردوو لایەن، جەختیان لەسەر "پێویستی هەورکردنەوەی دۆخەکە لە ناوچەکە و کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئاڵنزیەکان کردەو، بە شێوەیەک کە بەشداری بکات لە پشتگیریکردنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرەمی."